وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی
زانستی زانکۆی هەڵەبجە
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی جوگرافیا - قۆناغی دووەم

# پیسبوونی ژینگە بەهۆی پیل و پاتری

ئامادەکردنی : شاگوڵ خلیل
بەسەرپەرشتی : م . ڕێباز لوقمان

## پاتری چییە ؟

ئامێرێکە یاخود سیستمێکە کە وزەی کیمیایی دەگۆڕێت بۆ وزەی کارەبا .

## پاتریش دوو جۆرە ؟

یەکەمیان ئەوانەن کە بۆ یەك جار بەکاردێن و بارگاوی ناکرێنەوە ماوە کورتن وەك پیل ﴿دیارە ئێستا هەندێ جۆری پیلیش هەیە کە توانای بارگاوی کردنی هەیە بەلاّم زۆربەی پیلەکان بۆ یەك جار بەکار دێن بارگاوی ناکرێنەوە .

دووەمیان ئەوانەن کە بارگاوی دەکرێنەوە بۆ چەندین جار بەکاردێن و ماوە درێژن وەك شەحنی مۆبایل و کۆمپیوتەر هتد ......



a alamy stock photo
P9AHNG
www.alamy.com

## کێ دۆزەرەوەی بیرۆکەکەیە ؟

زانای ئیتاڵی «ئەلساندرۆ ڤۆڵتا» بۆ یەکەم جار لە سەدەی 19م ئەوەی دەرخست کە لەتوانای دا هەی  تەزووی کارەبا بەدەست بهێنرێت بەهۆی دوو جەمسەری کانزای جیا جیا پاش ئەوەی کە نقوم دەکرێت لە نێوەندێکدا .

### ئەو بوارانەی پیل و پاتری تێدا بەکاردەهێنرێت :











## پێکهاتەی پیل و پاتری :

پاتری کۆمەڵێك ماددەی قورسی تێدایە کە کاریگەری نەرێنی هەیە بۆ سەر ژینگەو تەندرووستی مرۆڤ کە بێگومان هەریەك لەم مادانە کاریگەری ترسناکی هەیە ئەگەر بچێتە لەسی مرۆڤەوە .

ئەوتوخمانەی لە پێکهاتەی دروستکردنی پاتری بەژدارن :

1. قورقوشم
2. جیوە
3. کادیۆم
4. مەنگەنیز
5. نیکڵ
6. لیپۆم
7. توتیا
8. زیو ....... هتد ..........

- **جیوە** : توخمێکی ژەهراوییە کاریگەری لە سەر کۆئەندامی دەمار هەیە و دەبێتە هۆی ئیفلیجی و هەڵمەکەی کاریگەری لەسەر سییەکان و کۆئەندامی هەناسە . وەك پیلە تایبەتەکان بە دەزگای سەربازی و پزیشکی و ئامێری ڕێکخستنی دڵ .

- **کادیۆم** : هۆکارە بۆ توشبون ب شێرپەنجە و زیان بە گورچیلەکان دەگەیەنێت , وەك پیلە تایبەتەکان بە ئامێری


وێنە گرتن و تەلەفیزۆن و مۆبایل .

- **مەنگەنیز** : وەك پیلە تایبەتەکان بە کارپێکردنی ڕادیۆ و تۆمارکەر و گڵۆپ .

- **قورقوشم** : زیان بە دەزگای هۆش و ئێسك دەگەیەنێت .

- نیکڵ: زیان بە دەزگای هەناسە دەگەیەنێت  ئەو پیلانەی تایبەتن بە ئامێرەکانی گواستنەوە و وێنە گرتن و کارەبییەکان .
- لیپیۆم : ئەم جۆرە پیلانە لە کارپێکردنی کۆمپیوتەرو ئامێری ژماردن و ئامێرەکانی وێن گرتن بەکار دێن .
- توتیا : ئەو پیلانەی لە کارپێکردنی ڕادیۆ و ڕیکۆردەر و  گڵۆپ بە کاردێن .
- زیو : زیان بە پێست دەگەیەنێت ئەو پیلانەی لە ئامێری گوێگرتن و وێنەگرتن و کاتژمێر و کۆمپیوتەر بە کاردێت .

## تاکە پیلێکی قەڵەم 1مەتر سێجا لە خاك و 500 لیتڕ لە ئاو ژەهراوی دەکات .






## ماوەی 100 ساڵ پێویستە بۆ شیبوونوەی پیل و باتری !!!





# کاریگەری پیل و پاتری لەسەر مرۆڤ و ژینگە :

1. کاتێك ئەم پاترییە تێکەڵ بە پاشماوەکانی تر دەکرێت کە ئەمەش دەبێتە هۆی پیس بوونی ژینگە دواتریش دەبنە هۆی دروستبوونی مەترسییەکی گەورە بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ .
2. وە ئەگەر بسوتێنرێت دەبێتە هۆی پیس بوونی هەوا وە ئەگەر بخرێتە ژێر خاك ئەوا پێك هاتەکانی لەگەڵ خاکدا تێکەڵ دەبێت ئەوکاتە لە ڕێگەی ڕەگی ڕووەکەوە بۆ قەدوو لق و پۆپەکانی بەرووبوومەکەی دەگوازرێتەوە یا لە ڕێگەی هێزی کێشکردنی زەوی تێکەڵ بە ئاوی ژێر زەوی دەبێت .



3 . یا ئەگەر بکرێتە ڕووبار یا دەریاو زەریاکان و دەریاچەکانەوە ئەوا پیس دەبێت و بۆ خواردنەوە نابێت .

4 . بە پێی پێوانەی جیهانی بۆ ئاوی خواردنەوە ڕێگە نادرێت بە بوونی توخمی جیوە لە ناو ئاودا بە ڕێژەیەکی کەمێکی زۆر کەم لەملیۆن بەش بە گشتی تەنها یەك گرام لەو توخمە بۆ ناو ئاوی ژێر زەوی دەبنە هۆی پیس بوونی ملیۆنەها لیتر لەو ئاوەو ناشێت بۆ خواردنەوە .

کەواتە بوونی چەندین تەن لە پیلی فڕێدراو دەبێت سالآنە چ کاریگەرییەکی هەبێت لە سەر پیس بوونی ژینگەو ئاو ؟!!!!!!!!!!!

ئایا بوونی توخمی جیوە و توخمە قورسەکانی تری لە پەینی ئەندامی زیان بەخشن ؟

## چارەسەر

1. باشترین چارەسەر بۆ دورکەوتنەوە لە مەترسیەکانی ئەم ئامێرە بە کەرەستەکردنەوەکەیەتی {Recycling}یان بەکورتی ژێر خاك کردنێتی بە شێوەیەی زانستی .
2. پێویستە رێگری بکرێت لە فرێدانی پاتری بە شێوەیەکی هەرەمەکی و نا بەرپرسیارانە و شارەوانییەکانی شار و شارۆچکەکان شوێنی کاتی بۆ کۆکردنەوەی ئەو پاشماوانە دابین بکەن بە شێوەیەکی زانستی و سەرەتایی.
3. یاسای تایبەتی بۆ دابنرێت .
4. هەروەها پێویستە هاولاتیانی لە مەر مەترسی پاتری وشیار بکرێنەوە کە چەند زیانی گەورەی هەیە بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ و ژینگە .

**سەرچاوە**

https://zzhinga.blogspot.com/p/d.html?m=1ن

**سەرچاوەکانی پیس بوونی ژینگەو کاریگەرییەکانی  چەمچەماڵ بە نمونە**

**سپاس بۆ ئامادەبونتان**